له یادی نه‌مراندا



عوسمان خۆشناو

# طاهر صادق

## ئه‌ستێره‌یه‌کی ئاوابوو له ئاسمانی زمانه‌وانی کوردیدا

جارێکی تر ته‌م‌و مژی خه‌م‌و ئه‌ندۆ باڵی به‌سه‌ر ئاسمانی کورده‌واری‌دا کێشا ، له تاریکی یه‌کی شه‌وه‌زه‌نگدا ئه‌ستێره‌یه‌کی گه‌شه‌داری تر له ئاسمانی زمانه‌وانی کوردا ڕژا ، طاهر صادق ، مامۆستاو ئه‌دیب‌و زمانه‌وانی کورد بۆدووا جار پێڵوی چاوه‌کانی له‌یه‌ك‌نا ، ئه‌وچاوانه‌ی پڕبوون له باق‌و بریق‌و پرشنگی ووشه‌ی کوردی ، ئه‌و چاوانه‌ی پڕبوون له ئاواتی جوان‌و هیوای به‌رزو تاسه‌و ئاره‌زووی پێش‌که‌وتن‌و گه‌شه‌کردنی زمان‌و وێژه‌ی کوردی ، ده‌با پایزی ره‌نگ زه‌ردو شووم مه‌ست‌بێ به‌م هه‌موو گه‌ڵاڕێزانه‌ی نایه‌وه له باخی کورده‌واری‌دا پاش وه‌رینی گه‌ڵای ژینی زمانه‌وانی کوردی نه‌مر طاهر صادق .

ئه‌م چه‌ند دێره کورته ، ئه‌م دوو دڵۆپه فرمێسکه ، له‌م به‌سه‌رکردنه‌وه سه‌ر پێ‌یه‌دا ، په‌روه‌ردگارو رابه‌رو زمانه‌وانێکی وه‌ك مامۆستای کۆچ کردوو هیچ‌نی‌یه ئه‌گه‌ر زانیمان له‌و ڕۆژه‌ی مامۆستا چاوی کرده‌وه له ژین له سالی

1911 ـ لە شاری کۆڵ نەدان و خەبات ، گوڵشەنی بەهەشتی کوردەواری ، شاری حاجی قادرو مەلا محمدی کۆیی ، شاری کۆیە ، بەڵێ لەو ڕۆژەی چاوی کردەوە دەستی بە مامۆستایەتی کرد لە سەرەتای سی یەکان .

لەو مامۆستایە تاق و سەرپشکانەبووە کە بە دڵسۆزی و پاکی و پەرۆشی خوێندکاری پێگەیاندووە ، زۆر وابووە لەسەر ئەرکی خۆی پێویستی بۆ خوێندکاران کڕیوە ، بەبوون و نەبوون کەمتەرخەمی لەیارمەتی دانی لێقەوماوو هاوولاتیانی خۆی نەکردووە ، لە سەرەتای شەستەکان بەخۆڕایی و بەدەست پێشخەری خۆی و یارمەتی مامۆستای دڵسۆزی تر خوێندنگەی ئێوارانی لە گەڕەکی ـ تەپە ـ لە کەرکوك کردۆتەوە بۆ فێرکردنی ئەو هاوولاتیانەی کە نەیان ئەتوانی بە ڕۆژ بخوێنن لەبەر باری گوزەرانیان ، بەشداری کرد لە دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کورد / لقی کەرکوك ، ئەندامی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری ئەو لقەبوو .

ئەندامی پشتگیری کۆڕی زانیاری کوردبوو ، بەشداری کردووە لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی مامۆستایان و نوسەرانی کورد بەمەبەست پێشخستن و پەرەپێدانی ویژەو زمانی کوردی .

لە پەنجاکانەوە تا کۆچ کردنی زۆر ووتارو لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکاندا بلاوکردۆتەوە ، بەشی زۆری نوسینەکانی زمانەوانی بووە ، دەربارەی ڕێنوس و ڕێزمانی کوردی بووە ، لە ڕۆژنامەو گۆڤاری وەك : شەفەق ، پێشکەوتن ، نوسەری کورد ، ژین ، ڕۆژی کوردستان ، برایەتی ، گزنگ ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، وەهی تر .. ،بەشداری کردووەو لاپەڕەکانی نەخشاندوون .

لە ساڵی 1969 پەرتووکی (ڕێنووس)ی داناو کتێبخانەی کوردی پێ دەولەمەند کرد .

ئەو هەموو ئەرکە پیرۆزانە ، ئەرکێکی گرنگترو پیرۆزتریان لە بیر نەبردەوە ئەویش ئەرکی دانانی فەرهەنگی « هاوتای ووشەی » بو کە بەشێکی زۆری تەمەنی پڕ لە ئەرك و بێداری بۆتەرخان کردبوو ، تابگاتە ئەو ڕۆژەی چاوی ڕۆشن بکات بەچاپکردنی ، بەلام مخابن مەرگی بێئامان ڕێگای بە مامۆستای ئەمر نەدا کە ئاواتەکەی بێتەدی ، جا لەم باوەڕەداین کە کوڕەکانی تاڕادەیەکی زۆر لێوەشاوەن بە تایبەتی کاك (فؤاد) ی نووسەر ئەم ئارەزووەی باوکیان

جێبەجێ بکەن و بە زوترین کات فەرهەنگەکە بگەیەننە دەستگای چاپکردن و بە یارمەتی هەموولایەك ئەو بەرهەمە بەنرخە بگاتە دەست خوێنەرانی کورد ، لە دوای ئەم تەمەنە پڕ لە خزمەت گوزارە بە هاوولاتیان ، لە ئەنجامی نەخۆشی لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵدا لە 5 / 11 / 1984 ماڵ ئاوایی یەکجاری بە دڵشکاوی و ناڕەزایی لە دونیای ویژەو زمانەوانی کوردی کردو بە نامرادی سەری نایەوەو زمانی حاڵیشی دەیگووت :

خەزانی مەینەتی هات و گیرۆدەی مەرگی بەد نااووم
لە گۆڕیش بەردە بازی ڕێم ، لە ژێر پێتان بێ دووچام
ئەوەندەم چاندووە هەرگیز لە بیر ڕۆڵەی نەمر نەمرم
لە ناو خاکیش منی شەیدای ووشەی پاك و ڕەسەن مااووم !

سلاوی پیرۆزی ووشەی گەشەدارو ویژەی زیندوو لە گیانی پاکی « طاهر صادق » ی مامۆستاو نووسەرو زمانەوانی کوردبێ ...